# دیوارێک بە خشتی زایۆنیزم

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com

(یەهودییەکان هولیود حوکم دەکەن،بەڵکو هولیود موڵکی ئەوانە) ئەمە ئەو وتەیەیە کە مارلۆن براندۆ گەورە ئەکتەری هولیود لە بەرنامەی (لاری کینگ لایف) وتی کە لاری کینگ لە کەناڵی تەلەفزیۆنی cnn پێشکەشی ئەکات.لە پاش ئەمەوە لە هەموو لایەکەوە ڕەخنە بەسەر براندۆدا باری و تا ناچاریان کرد مەبەستی وتەکەی بە جۆرێکی تر لێکبداتەوە.ئایا بە ڕاستی یەهودییەکان هولیود بەڕێوە دەبەن؟گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی لە خۆیدا گەڕانە بە دوای وەڵامی پرسیارێکی تر کە مێشکی زۆرێک لە ڕەخنە گران و ڕۆشەنبیرانی جەنجاڵ کردووە.ئایا هولیود دەزگایەکی کراوەیە یان کۆنترۆل کراو؟حەتمەن لێرەدا قسە لەسەر ڕەهایی هیچێک لەو دوو ئەگەرە نییە،چونکە مەحاڵە لە دونیای ئەمڕۆدا بە تایبەتی لە وڵاتێکی لیبراڵی وەکو ئەمریکادا بتوانی دەزگایەکی ئاوها زەبەلاح بە ڕەهایی کۆنترۆڵ بکەیت ، بەڵام هەر لێکۆڵینەوەیەک لەم بارەیەوە ئەبێت بۆ ئەوە بێت کە سنورەکانی کارکردن و ئەگەرەکانی تێپەڕ بوون و تێپەڕ نەبوونی فلیمێک لە ژێر مەقەستی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی فلیمی سینەمایی لە هۆلیود بخاتە ڕوو.

شەڕی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل درێژترین شەڕی مێژووە ،نەک هەر ئەمە بەڵکو تاکە شەڕە کە مەوداکانی هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە و فاکتەرێکیشە لەو فاکتەرانەی کە ئەم بارە ئاڵۆزەی ئەمڕۆیان پێکهێناوە.ئاشکەرایە زۆرێک لە بزووتنەوە مەزهەبییەکان هەقیانەتی بوون و خەباتی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ ستەمێک کە تەرەفێکی ئەو شەڕە لە سەر تەرەفێکی تری داناوە.ئایا شەڕێکی لەم بابەتە کە بووبێت بە هەوێنی زۆرێک لە ڕووداوەکان و سەهمی هەبێت لە گۆڕینی سیمای دونیا، بۆ ئەبێت بیرۆکەی دەیان بگرە سەدان فلیمی لێنەکەوێتەوە؟چی ڕێگرە لە بەردەم ئەوەی فلیمێک بەرهەم بهێنرێت کە تای تەرازووەکە بە لای فەلەسیتینییەکاندا بشکێنێتەوە.(لێرەدا مەبەست لەوە نییە ئێمە هەق بە تەرەفێک بدەین لەو کێشەیەدا،بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئەو کێشەیە بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێ و سەیر لەوەدایە هۆلیود ئەو بۆچوونانە عەکس نەکاتەوە).

مارلۆن براندۆ ئەگەرچی پەشیمان بووەوە لە وتەکەی خۆی ، بەڵام ئەو کە دەیان ساڵە لە هۆلیود کار دەکات ،دەزانێت حاکمی ڕاستەقینەی هۆلیود کێیە.دیارە براندۆ پێش ئێمە ئەوەی کەشف کردووە کە زۆربەی زۆری کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی فلیمی سینەمایی لە هۆلیود موڵکی یەهودییەکانە.لیستی ئەو کۆمپانیایانە سەرسامیان کردم ، بگرە ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامە و گۆڤارانەش کە هەموو 100% لە ژێر کۆنترۆڵی یەهودییەکاندایە کە تەنها 2،5 % دانیشتوانی ئەمریکا پێکئەهێنن.ئەوەی کە بەشێک لە هونەرمەندە یەهودییەکان ناوەکانی خۆیان گۆڕیوە و ناوی مەسیحیان بۆ خۆیان داناوە ،دیسان جێی گومانە.ئەم لیستە کە خۆی لە خۆیدا دەلیلی ئەو دەسەڵاتەیە کە یەهودییەکان بەسەر هۆلیودا هەیانە،وەڵامی پرسیارەکانی پێشومان دەداتەوە.ئەوەی کە چۆن و بۆ ئەم دەسەڵاتە؟ ڕەنگە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تر هەبێت کە من خۆم بە پسپۆڕی بوارەکەی نازانم.کەواتە دیوارێک لە

هۆلیود بە خشتی زایۆنیزم بینا کراوە،پەڕینەوە بە سەر ئەم دیوارە ئەو پاسەپۆرتەی دەوێت کە دواجار دەبێت یەهودییەک مۆری لێبدات.

میل گیبسن لە فلیمی ئازارەکانی مەسیحدا ، هەوڵ دەدات درزێک بخاتە ئەو دیوارەوە.ئەو فلیمە ئەگەرچی سیناریۆیەکی لاوازی هەیەو هەوڵ دەدات وێنەی مەسیح بکات بە فلایەری ڕازی کردن و خۆشەویست کردنی فلیمەکە لە لای بینەر، لەگەڵ ئەوەشدا لەوەدا کە بە هەوڵێک بۆ درز خستنە ئەو دیوارە دەژمێردرێت پۆزەتیڤانە قەرار دەگرێت.بە پێی ئەو خوێندنەوەیەش کە بۆ فلیمی (میونخ) کراوە کە تازەترین فلیمی ستیڤن سپێلبێرگە ،ئەویش گیبسن ئاسا درزێکی تری خستۆتە ئەو دیوارەوە،بەڵام من لە پاش بینینی فلیمەکە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە سپێلبێرگ پەیامێکی ئینسانی تری پێیە لەوەی تەرەفی تاوانبار دەست نیشان بکات.سپێلبێرگ ئەو میسۆدانە ڕەت دەکاتەوە کە بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکە بەکار براون،بە بۆچوونی ئەو تەنها گفتوگۆ و دانوستاندن دەتوانێت ئەو کێشەیە بە ئاکام بگەیەنێت.ئەم بۆچوونە ئەگەرچی ڕاستەو خۆ لێدانی مۆساد نییە ، بەڵام گۆڕانکارییەکی چاکە لە شێوازی بیرکردنەوەی یەهودییەکان.بەم پێیە ئەم فلیمەی سپێلبێرگیش هەنگاوێکی باشە بۆ شکاندنی تەلیسمی زایۆنیزم لە هۆلیود.ڕەنگە ئەم فلیمە بۆچوونی تریش هەڵبگرێت ،بەڵام هیوادارم ئەم بۆچوونە کە نزیکترینیان و ئنسانیترینیانە جێی مەبەستی سپێلبێرگ بێت.

لیستی گرنگترین ئەو دەزگا ئیعلامیانەی کە یەهودییەکان کۆنترۆلی دەکەن :

**1- cbc tv 2- abc 3- nbc 4- disney 5- sony corp 6- columbia pictures 7-tri-star 8-mgm metro-goldwyn-mayer 9-mca 10-universal pictures 11-20$^{th}$ century fox 12-paramount comm 13-warner bross 14-mtv 15-cmi records 16-capitol records**

ئەمەو سەرباری دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی ترو گرنگترین ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەمریکا.ئەگەر چی بەزاندنی هێڵی سوور لە هۆلیوددا پێدەچێت باجێکی زۆری بوێت،بەڵام هەنگاوێکی ژیرانەی وەک هەنگاوەکەی سپێلبێرگ دەتوانێت باڵای ئەو دیوارە کورتر بکاتەوە کە یەهودییەکان بە خشتی زایۆنیزم بینایان کردووە ،مانەوەی ئەو دیوارەش خۆی لە خۆیدا بەر فراوان کردنی ئەو سنورەیە کە لە نێوان سینەمای جیهانی و سینەمای ئەمریکیدا هەیە.

موئەیەد مەحمود (کاردۆ)

2006-2-29